گرنگییەکانی شیعر بۆ مندالان.. رزا شوان

لە زمانی کوردیدا، ئەم چوار وشەیە (شیعر، هۆنراوە، هەڵبەست، هۆزان) بە یەک مەبەست بەکاردەهێنرێن. بەڵام وشەی (شیعر) زیاتر بەکاری دەهێنین و زیاتریش لە ئەدەبی کوردیدا دەقی گرتووە. من پێموایە کە وشەی (هۆنراوە) کە هونەری هۆنینەوە دەگەیەنێت، چێژ و شیرینی گەر لە وشەی (شیعر) زیاتر نەبێت، کەمتر نییە.

شیعر، جوانترین و ناسکترین شێوەیە لە شێوەکانی هونەر. کە زۆر لە کۆنەوە سەری هەڵداوە. ڕۆحنەگران و مەژوونووسانی کۆن جەختیان لەسەر ئەوە کردووە، کە شیعر لەگەڵ پەخشاندا جیاوازی هەیە. شیعر گوزارشتێکی پێ لە هەست و سۆزداری و خەشوویستییە، کە لە ناخی دەروونی شاعیرەوە دێت. شیعر هەیەکی گرنگە بۆ گوزارشتکردن لە هیوا و خون و خەیاڵ و نیاز و سۆزداری و باوەڕ و رازەکانمان. شیعر زمانی ڕۆحمانە. دەوترێت (شیعر زمانێکە لەناو زمان دایە) مەبەستیش لەم قسەیە، ئەوەیە کە شیعر زمان و شێوازی تایبەتی خۆی هەیە.

شیعر گرنگترین لقە لە لقەکانی ئەدەب، هەست و چێژ و خەشیەکی تایبەتی بە دە و دەروونمان دەبەخشێت. لە کۆنەوە شیعر تەکەڵاوی خۆنمان بووە و بووە بە بەشێک لە ژیانمان، هەستمان دەبزوێنێ و بووە بە وەردی سەر زمانمان و بە خەراکی دەروونمان. بووە بە چەکی بەرگریمان. کاریگەرییەکی زۆری لە ڕۆحی ڕەوانماندا هەیە. بە شیعریش گوزارشتمان لە خەشیەکان و ناخەشیەکانی ژیانمان کردووە.

شیعر سەرچاوەی ئەوەی کە چێژ و خەشیەکی زۆر بە منداڵان دەبەخشێت، ڕوبارێکی گرنگیشە لە ڕووبارەکانی ڕۆشنبیریی منداڵان. گەورەترین کاریگەریشی لە پەروەرد و فێرکردنی منداڵاندا هەیە. بۆیە شیعر بووە بە پشکێک لە پەرتووکی خوێندنەوە.

دەینێ سەر ناونیشان و کرێکی باسکەمان، کە گرنگییەکانی شیعرە بە منداڵان.

شیعری منداڵان بەشێکی گرنگە لە ئەدەبی منداڵان. نزیکترین هونەرە لە دەروونیانەوە. شیعر گرنگترین کاریگەریی لەسەر کەسایەتی و ژیانی ئەمڕۆ و داهاتووی منداڵان هەیە. هەر لە کۆنەوە

دایکانی بەستەز و میهرەبانی کوردمان، بە لایلایە و لەرین و گورگانە شەو و لاواندنەوە، بە دەنگەکی ناسک و بە ئاوازێکی بەستەز و شیرین، لەگەڵ راژەنینی بەشکە و لانکەکانی کەرپە شیرینەکانیان، بە ستەرەوە کورپەکانیان لاواندوونەتەوە و ژیریان کردوونەتەوە و کردوویانن خەوەکی خۆش.
(لامارتین) دەڵێت:"جوانترین شیعر لە سترانسری جیهاندا، لایلایەی دایکانە"
هەموو مندالان، هەگری گەرانی و شیعر و سروودن. بە تایبەتیش ئەو شیعر و سروودانەی کە خۆشی و شادییان پێ دەبخشن. ئەو شیعر و سروودانەی کە باسیان لە ژیان و ژینگە و باخەند و گوە و پەپووڵە و لە خۆشی و یاری و شادی و ئازادی و کوردستانی جوان و شیرینمان و لە سرچەیەکانیان کردوون. یا باسیان لە هیوا و خواست و لە خەون و خەیاڵ و لە ئارەزووکانیان کردوون. کە بە ئاسانی لێیان تێدەگەن و ژیان و خەیاڵی خۆیان تێیاندا دەبینەوە. چەژ و خۆشیان لەوەردەگرن.
نووسین و پێشکەشکردنی شیعری جوان، بە شەوازێکی هونەری دیاریکراو، تا
رادەیەکی زۆر دەگەڵتەوە بە بەهرە و رەشنبیری و ئەزموونی سەرکەوتووی شاعیر.
خستەتە گونجاوەکانی شیعری منداڵان:
بە کورتی و بە چەی لەم خاڵانەدا، باس لە تایبەتمەندی و لە گرنگترین خستەتە گونجاوەکانی شیعر بۆ منداڵان دەکەین.
١ـ پێویستە شاعیری شیعرنووس بۆ منداڵان، بەر لە هەموو شتێک و مەرجێک ئەوە بزانێت کە شیعرەکانی بۆ منداڵان دەنووسێت نەک بۆ گەورەکان. نووسینی شیعریش بۆ منداڵان کاریکی هەڵەمەکی و ئاسان نیە. چونکە نووسینی شیعر بۆ منداڵان، هەر ئەوە نیە کە شاعیر چەند دێڕێکی کێش و سەروادار رێکبخات و ناوی لێبنێت (شیعر بۆ منداڵان) شیعری منداڵان بنەما و تایبەتمەندی و مەرجی خۆی هەیە. کە پێویستە شاعیر لە کاتی شیعرنووسین بۆ منداڵان، ڕچاوی ئەو مەرجانە بکات.
٢ـ جێختکردن لەسەر شیرینی و ناسکی و ئاسانی زمانی شیعر بۆ منداڵان، بەپێی قۆناغەکانی تەمەنیان و بەپێی وشە و رستە گونجاوەکانی فەرهەنگی زمانیان.
پێویستە وشەکانی شیعری منداڵان ئاسان و ناسک و ڕەوان بن، تێ و پاراوبن. بەبێ گرێ و گۆڵبن. وەکو گوێ جوان و گۆش و بەنخشبن، وەکو پەپووڵە نەرم و نیان و نەخشینبن. وەک پەلکەزێڕینە

ڕەنگاوڕەنگبن. بۆ تەواوی وەک دڵپاکی و بەتاوانی و ڕاستگۆیی و جوانی منداڵان بن، پاک و جوان و بەتاوان و ڕاستبن.
٣ــ وا باشە کێشی نیوە دێڕەکانی شیعر بۆ منداڵان، ژمارەی بەگەکانیان لە (٦، ٧، ٨ ، ١٠) بەگ زیاتر نەبن. کێشی بەگەیی "پێنجەیی" ئاسانترین کێشی شیعری منداڵانە.
باشتریش وایە، ژمارەی وشەکانی هەر شیعرێک بۆ منداڵان لە (٥٠) وشە زیاتر نەبن.
(کێش) و (ترپە) و (موزیک) سێ بنەمای سەرەکین لە شیعردا. پێوەندییان بەیەکەوە هەیە و تەواوکەری یەکترین. یاگیانەکن لە سێ جەستەدا.
ریتم و تەکنیکیش پێویستە بەپێی پێوەرەکانی شیعری منداڵان ڕەکبخرێن.
٥ــ دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی ڕەوانبێژی و تەزو و ئاڵۆزی لە شیعر بۆ منداڵان.
٧ــ هێنانەبژاردنی ئەو بابەتانەی، کە لەگەڵ ژیان و گرنگی پێدانی منداڵاندا گونجاون.
٨ــ پێویستە شیعری منداڵان، بابەتی ڕووشتی و پێوەردێیی و دڕوونی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتی لە خۆ بگرێت، تا هەر لە منداڵییەوە بە ئەم پرەنسیپانە ڕابهێنرێن.
٩ــ پێویستە ئەو سروود و شیعرانەی کە ئاوازیان بۆ دادەنرێن و دەکرێن بە گۆرانی و سروود بۆ منداڵان و لە تەلفزیۆنەکاندا تەماردەکرێن. لەژێر چاودێریی کەسانی پسپۆر و شارەزای بواری ئەدەبی منداڵان و دڕوونناسی و پێوەردە و هونەری منداڵاندابن. چونکە منداڵان ئەم هەنراوانە لەبەردەکەن. کارتێکردنیان لە ژیانی منداڵاندا دەبێت.
١٠ــ پێویستە شاعیرانی شیعرنووس بۆ منداڵان لە بواری پێوەردە و دڕوونناسی منداڵان نابێبەد نەبن. پێوەردکار و دڕوونناسی منداڵان بن. شارەزای زمانی پێتی کوردیمان بن. چونکە شاعیری شیعرنووسی منداڵان، کاتێک دەتوانێت شیعرێکی جوان و بەچێژ و بەسوود و کاریگەر بۆ منداڵان بنووسێت، کە شارەزای تەواوی قەناغەکانی گەشەکردنی منداڵاندا بێت، لە ڕووی توانایی و دڕوونی و پێوەردەیی و کۆمەڵایەتی و زمانی و سەزداری و هەزری و حەز و ئارەزووەکانی منداڵانەوە.
١١ــ پێویستە شاعیرانی شیعرنووسی منداڵان ئەوە بزانن، کە شیعری منداڵان، وەک هەر بابەتێکی تری ئەدەبی، پێویستی بە داهێنان و گەشەکردن هەیە. پێویستی بە تەکنیک و ستایل و شێوازی گوزارشتکردنی تازە هەیە.

١٢ـ پەویستە شاعیری شیعرنووس بۆ منداڵان، ناونیشانی کورت و گونجاو بۆ شیعرەکانی دابنێت. ناونیشانەکانیش گوزارشت لە ناوەڕۆکی شیعرەکان بکەن.
١٣ـ مانگی ئەپریلی هەموو ساڵێک، بۆ مانگی شیعری نیشتمانی دانراوە. ئەم مانگە بەڕێزمان و هەوڵبدن کە زۆرترین شیعری نیشتمانی بۆ منداڵەکانتان بخوێننەوە.
گرنگییەکانی شیعر بۆ منداڵان:
لەو بوارەدام، بۆ زانینی گرنگیی سەرەکانی شیعر بۆ منداڵان سەرسام دەبن.
زۆر بۆ کورتی باس لە چەند گرنگییەک لە گرنگییەکانی شیعر بۆ منداڵان دەکەین:
١ـ شیعر گەشە بە زمانی منداڵان دەکات و شارەزایی زمانی داهێنانیان زیاتر دەکات. تواناییکی زیاتریشیان دەبێت لە گوزارشتکردن و لە بەهرەی نووسینی شیعردا.
٢ـ شیعر هەیەکی گرنگە بۆ منداڵان، بۆ گوزارشتکردن لە بیر و ناخ و سۆز و دڕوونیان، بۆ گەشەکردنی خەیاڵ و بەهرەی ئەدەبی و هیوا و خولیا و خەونەکانیان.
٣ـ زۆر گرنگە هەر لە منداڵییەوە منداڵەکانتان بۆ چێژ و حەز و خۆشەویستی بۆ شیعر رابهێنین. نەک تەنیا هەر لە قوتابخانەدا، بەڵکو لە ژیانی ڕۆژانەیان و لە پەیوەندییەکانیشیاندا سوودیان پێ دەبەخشێت.
٤ـ شیعر گەیەکی دڕگا بۆ منداڵەکانتان، بۆ درەژایی ژیانیان بۆ دەخاتە سەر پشت. کەواتا نابێت گرنگی و سوودەکانی شیعر بۆ منداڵان پشتگوێ بخەن.
٥ـ بە دەنگەکی بەرز و خۆش و شیرین شیعر بۆ منداڵەکانتان بخوێننەوە. دەشێ هەشتا منداڵەن و لە واتاکانی وشەکان تێ نەگەن، بەڵام هەست بە چێژی موزیکی و ترپەی سەروای شیعرەکان دەکەن. بە مەرجێک شیعرەکان سووک و ئاسان بن.
٦ـ شیعری شیرین، بوارێکی باشە بۆ فێرکردنی منداڵەکانتان بۆ زمانی کوردیمان.
٧ـ شیعر هانی منداڵان دەدات بۆ خوێندنەوە و بۆ دەرخستنی بەهرەی ئەدەبییان.
٨ـ شیعر ئاسۆی بیر و ئەندێشە و خەیاڵی منداڵان فراوانتر و گەشتر دەکات و یارمەتییان دەدات بۆ بیرکردنەوە لە داهێنان و پێشکەوتن. فەرهەنگی وشەکانیشیان دەوڵەمەندتر دەکات و لاوەی کەمەڵەک وشە و رستەی تازە فێردەبن.

٩ـ شیعر، منداڵان بۆ گەڵۆ بابەتی هەمەجۆر و بۆ هەستی جیاواز دەناسێنێت.
١٠ـ سەروای ناسکی شیعر، ڕەگەزێکی نایابە بۆ منداڵانی بچووک، بۆ گەشەکردنی هۆشیاریان و ئاشنابوونیان بۆ زمانی دایک و بۆ جۆری دەنگەکان و تەپڵەکان.
١١ـ ئەو منداڵە بەهرەمەندانەی کە هەگری خوێندنەوەی شیعر دەبێن و لە لایەن دایکان و باوکان و دادەکانیان و مامۆستاکانیانەوە هاندەدرێن و پەروەردە دەکرێن و هەر لە منداڵییەوە ئاوودەی چێژی شیعر دەبن و لە ژینگەیەکی هەنراوە دوستدا پەروەردە دەبن. شەیدای خوێندنەوەی شیعر دەبن. ناتوانن بە درێژی ژیانیان واز لە خوێندنەوەی شیعر بهێنن. شیعر دەبێت بە بەشێک لە ژیانیان. بە دووریشی مەزانن، کە هەندێک لەم منداڵانە ببن بە شاعیر و بە نووسەری بواری ئەدەبی منداڵان. منداڵان هەر بە خەسکی ئارەزووی گەرانی و ئاوازی شیرینیان تەدایە.
١٢ـ لە میانەی شیعرەوە، بەهرە و گەلی لە تواناکانی منداڵان دەردەکەون، وەک دەنگەوانی و بە جوانی پێشکەش کردنی شیعر و دەرخستنی ئازایەتی ئەدەبیان.
١٣ـ شیعر، منداڵان لە شەرم و گەشەگیری و دوودڵی و هەڵچوون رزگاردەکات.
چارەسەری گەلێ لە گرفت و لە کێشە جێستەیی و دەروونییەکانی منداڵان دەکات.
١٤ـ شیعر و سروود، ڕەحی کورداێەتی و هاوبەستبوون و کوردستان پەروەریی لە دڵی منداڵاکانتان شیرینتر دەکات. پەرۆشکی زیاتری نیشتمانییان دەروژێنێت.
١٥ـ شیعری شیرین و گونجاو بۆ منداڵان، گۆشە بە چێژی ئەدەبی منداڵان دەکات و هەست دەوەمەنتریان دەکات. زیاتریش پابەندی نەریت و بەها نیشتمانییەکان دەبن.
١٦ـ شیعر، هەکارێکە بۆ بنیاتنانی کەسایەتییەکی دروست و بۆ ڕووانینی ڕۆشتی بەرز و خوو و نەریتی جوان و بەهای بەرز و پیرۆز. بۆ زاخاودانی هۆش و هەست و دەروونی منداڵان.
١٧ـ پەروەردەکردنی منداڵان بۆ ئاشنابوون و خۆشویستی بۆ شیعر، نەک هەر لە قوتابخانەدا بەڵکو لە ژیانی ڕۆژانەیان و پەیوەندییەکانیشیان سوودیان پێ دەبخشێت.
لەم پەودانگە گرنگییانەوە. شیعر دەتوانێت ئەرکێکی گرنگ ببینێت، لە چەند ڕەهەندێکی وەک: پەروەردەیی و نیشتمانی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشتی و جوانی و وێژدانی

و مرۆڤایەتی و هزری.
ئەو شیعرە، کە منداڵە چاوگەشکانتان بە کوردایەتی و کوردستان پەروەریی گەش و پەروەردە دەکات. فەری نیشتمان پەروەری و و دڵسۆزی و خەبات و تێکۆشان و خۆڕاگرتن و ئازایەتی و دڵێری و بەرگری و کەڵەنەدانیان و دەکات.
ئەو شیعرە، کە جگەرگۆشکانتان پەروەردەکات و فێری ڕەوشت بەرزی و ڕەفتار دروستی و گەشبینی و هیواخوازی و چاکەخوازی و هاوکاری و یارمەتی و لێبووردن و ڕێزگرتن و برایەتی و هاوڕێتی و پێکەوەژیان و سازان و … دەکات.
شایەنی باسە شاعیرانی نەوەی نوێمان لە بواری شیعرنووسین بە منداڵان. لە بارەی هەموو ژانرەکانی شیعری منداڵانەوە، شیعریان نووسیوە: نیشتمانی، کۆمەڵایەتی، فەرکاری، زانیاری، وەرزشی، کەمیدی، دەربارەی ئاژەڵ، باڵندە، گوڵ و دار و درەخت، پێپوولە و هەنگ، سرووشتی ڕەنگین و جوانی کوردستان، وەرزەکان، شیعر بە دایکان و باوکان و مامۆستاکان، بە پێشمەرگەی قارەمانی پارێزەری کوردستان، بە شەهیدانی نەمرمان، بە ئاڵای ڕەنگین و پیرۆزی کوردستان، بە قەد و باڵای چیا سەرکەشکانمان، بە زمانی شیرینی کوردیمان، بە ئاشتی و بە مرۆڤایەتی و بە برایەتی و خۆشەویستی، بە ژینگەپارێزی کوردستانی جوان، بە… هتد.
پێلێنی شیعری منداڵان:
١ـ شیعری فۆلکلۆری: ئەو شیعرە میللییانەن کە خاوەنەکانیان نەناسراون و گەل بە خاوەنی ئەو شیعرانە دەزانرێت. زۆربەیان کراون بە گۆرانی. گەلی کورد خاوەنی گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی شیعری فۆلکلۆرییە. کە پشکی منداڵانیشی تێدایە. منداڵانی کوردمان بە تاک و بە کۆمەڵ بە ئاواز و جووڵەوە ئەم گۆرانییانە دەڵێنەوە. ئەمەش دوو نموونەن لە شیعری فۆلکلۆری کوردی بە منداڵان: یەکەم (هەر دەرنایە):

هەر دەرنایە .. هەر دەرنایە
قاچمان تێزی .. بووک دەرنایە
هەر دەرنایە .. هەر دەرنایە
دەستمان تێزی .. بووک دەرنایە
هەر دەرنایە .. هەر دەرنایە

هونەرمەندی گۆرانبێژی کوردمان، مامۆستا (سەلاح محەمەد) کە لەناو منداڵاندا بە (مام عەوڵا) ناسراوە. بە بۆشداری کچێکی چاوگەشی دەنگخۆش و کۆمەڵە منداڵێکی کچان و کوڕان، کلیپێکی ڕەنگاوڕەنگی گۆرانییەکی فۆلکلۆریی خۆشی

بۆ منداڵانی کوردمان تەمارکردوو. کە جاروبار لە تەلەفزیۆنەکانی کوردستان دا، پێشکەش دەکرێت، لەژێر ناوی (بووکە بۆ بارانە) ئەمش دەقی گۆرانییەکەیە:

هەیاران و مەیاران
یا خوا داکاتە باران
بۆ فەقیر و هەژاران
قەومی حەسەن و حوسێنان
هەموو قەبوون لە تویێنیان

* * * *

خوایە باران ببارێ
لە لادێ و لە شارێ
لە سبەینێ تا ئێوارێ
بۆ لیزمە بۆتە خوارێ

* * * *

بووکە بۆ بارانە
ئاوی بن دۆڵانە
سەعاتی جارانە
لە دێرین زەمانە

* * * *

بووکی ناو باغانە
چەند خان و مانە
لە گوڕەوری ماڵانە
لە دێرین زەمانە

* * * *

بووکە چۆتە سەر کێرێ
لێدەدا دەف و تێپڕێ
لە کەسیش ناکا شەرمێ
لە دێرین زەمانە

* * * *

شەمووڵەی من چی دەوێ
مێوژی عەمارانی دەوێ
شەکری لە شارانی دەوێ
دیاری منداڵانی دەوێ

* * * *

شەمووڵەی لە ناو رزی
بای لێدەدا و دڵەرزی

فەدەکا ئاڤی تازی
بۆ جوانیەکی دنازی
* * * *
شەوولێی من چی دەو
مۆوژی عەمارانی دەو
شکۆری لە شارانی دەو
دیاری منداڵانی دەو
٢ـ شیعری نیشتمانی: گرنگترین ژانرە لە ژانرەکانی شیعری منداڵانی کورد، پانتاییەکی زۆری لە شیعر و سروودەکانی شاعیرانی شیعرنووس بۆ منداڵان گرتۆتەوە. لە پێشترین ئامانجە لە ئامانجەکانی شیعر بۆ منداڵان. چونکە تا ئەمڕۆش خاکی پیرۆزی کوردستان لە داگیرکەرانی ڕزگاربووە نەبووە. مەبەست لە شیعری نیشتمانی بۆ منداڵانی کوردمان، ڕووواندنی هەستی کوردایەتی و شیرینکردنی خۆشەویستی و هاوبەستەبوونە بۆ کوردستانی نیشتمانی شیرینمان. ئەم دوو نموونە لە شیعری نیشتمانی بۆ منداڵان: کەژ شاعیری گەلەکەمان کاک (لەتیف هەمەت) لەژێر ناوی (نیشتمان) دا، نووسیوێتی:
وەک چۆن باڵدار
لانەی هەیە لەسەر دار
* * * *
وەک چۆن پەپوولەی جوان
لانە دەکەن لەناو گوڵان
* * * *
وەک چۆن مانگی تابان
ماڵی هەیە لە ئاسمان
* * * *
وەک چۆن ماسی و حەزیا
ماڵیان هەیە لەناو دەریا
* * * *
منیش نیشتمانم هەیە نیشتمان
نیشتمانم کوردستانە کوردستان
شاعیر و چیرۆکنووسی ناسراوی بواری ئەدەبی منداڵانی کوردمان، مامۆستا (عەلی حەمەشید بەرزنجی) لە یەکێک لە شیعرە نیشتمانییەکانی بۆ منداڵان لەژێر ناوی (پشمەرگە) دا، نووسیوێتی:

پێشمەرگەی پێشمەرگەی
پارێزەری کوردستان
پێشمەرگەی پێشمەرگەی
کێنەدەر و قارەمان

* * * *

پێشمەرگەی گیان دەبەخش
بە ئاڵم خاکە شیرینە
نموونەی دەستەزیێ و
دڵی پڕ لە ئاوێنە
جێی شانازی هەمووانە و
بەوای بەرز و بەتینە

* * * *

بە سەربەستی کوردستان
ئەو چەکی کردەتە شان
کەوکەکی پایەینە
بەرانبەر بە دوژمنان
کۆی رۆژی تەنگانە و
هەمایە بە بەرخودان

* * * *

پێشمەرگە ئەو کەسێیە
گیانی خستەتە سەردەست
تا گەل بە خۆشی بژی و
کوردستانیشمان سەربەست

٣ـ شیعری فەرکاری (فەرکردن): جەرەکە لە جەراکانی شیعری منداڵان. کە بە مەبەستی فەرکردن دانراون. لەوانەش (نەبارا بچوکان ــ ئەحمەدی خانی) و (ئەحمەدی ــ شێخ مارفی نەدەی) و (فەرهەنگەکە) ی شەهید (شاکر فەتاح). بە دڵیان شیعری فەرکاری شاعیرانی تری کوردمان. ئەمە نموونەیە لە شیعری فەرکاری بە منداڵان. لە دانانی شاعیری نیشتمانی نەرمان مامەستا (زەوەر) لەژێر ناوی (ژمارە):

یەک و دوو... داری سێو و داری تووو
سێ و چوار... هاتم بە مەکتەب بە غار
پێنج و شەش... هەستامە سەر تەختەی رەش
حەوت و هەشت... چووم بە هەورامان بە گەشت
نۆ و دە... یارمەتی هاوڕێت بدە

٤ـ شیعری پەروەردەیی: بەشێکی گرنگە لە شیعری منداڵان،

شیعری پەروەردەیی زۆر لە لایەنەکانی پەروەردەیی دیکەتەوە: پەروەردەی کۆمەڵایەتی، پەروەردەی وەرزشی، پەروەردەی تەندروستی و دەروونی، پەروەردەی مرۆڤایەتی، پەروەردەی ئاینی، پەروەردەی ژینگەپارێزی، پەروەردەی ڕووشتی، پەروەردەی بزاڤێی بە ئاژەڵان و باڵندەکان. لەسەر هەریەک لەو پەروەردانە چەندین شیعری جوانی کوردیمان هەیە.

ئامانج نموونەیەکە لە شیعری پەروەردەیی، لە نووسینی شاعیر و چیرۆکنووسی ناسراو و بە توانای بواری ئەدەبی منداڵانی کوردمان، ئەندازیار (محەمەد بەرزی) یە. لەژێر ناوی (پارتووک) کە یەکێکە لە چەندین شیعری پەروەردەیی ئەم شاعیرەمان.

پارتووکم زۆر خۆشدەوێ
پێ لە بابەتی نوێ

* * * *

هەمیشە لە گەڵمایە
باشترین مامۆستایە

* * * *

پێکانی رازاوە
بە چیرۆک و هەنراوە

* * * *

ئامۆژگاری و وێنەی جوان
وانەی چاکن بۆ ژیان

* * * *

ئەوەی هاوڕێی پارتووکە
دیارە ژیر و زیرەکە

* * * *

وریایە و بە ئاگایە
بە نیشتمان چرایە

بەگومان گرنگیپێکانی شیعر بە منداڵان زۆر لەوانە زیاترن کە لەسەرەوە باسمان کردن.

لەسەر هەر ژانرێکیش لە ژانرەکانی شیعری منداڵان، بە دڵیان نموونەی ترمان هەیە.

لە کۆتاییدا، داوا لە شاعیرانی شیعرنووس بۆ منداڵان و لە دادگانی باخچەی منداڵان و لە مامۆستایانی قوتابخانە بنەڕەتییەکان و لە دایکان و باوکان دەکەین، کە منداڵەکانیان و قوتابییەکانیان ئاشنا و هەگری شیعری

جوان و بەسوود بکەن، چونکە شیعر لە زەر رووەوە سوودەکی زەر نایاب بە منداڵکانتان و بە قوتابییەکانتان دە بەخشێت.

رەزا شوان

سوید: ٢٨/ یەلیە/٢٠٢١